سەرۆکی شارەوانی:
پرۆژەی چاکمان لەبەر دەستدایە بۆ چاککردنی شەقامەکان

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوە بەشێکی فراوانی ناوچەکانی کوردستان گرتۆتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین دەستی ئەو پرۆسەیە بە پێی پێویست نەگەیشتۆتە هەموو شوێنێك لەوانەش شاری هەولێر، لە کاتێکدا ئەم شارە پایتەختی هەرێمی کوردستانە کە دەبوایە گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت بەڵام دەبینین بەشێکی بەرفراوانی لە شەقام و گۆڵان و شوێنە گشتییەکانی ئەم شارە جۆرێك لە وێرانی و کەمتەرخەمی پێوە دیارە، ئاساییە کە هەموو کەم و کوڕیەکانیش ڕووبەڕووی شارەوانی دەبێتەوە،

ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە دیمانەیەکمان لەگەڵ بەڕێز (نەجات یاسین) سەرۆکی شارەوانی هەولێر ئەنجامدا.

سازدانی دیمانە– هیوا مستەفا

- دەتوانین بڵێین لە 80٪ شەقامەکانی هەولێر کەڵکی هاتوچۆ کردنیان لەسەر نەماوە، ئاخۆ شارەوانی بەرنامەیەکی بۆ ئەم مەبەستە لەبەردەستدایە؟

+ سەبارەت بە شەقامەکانی هێڵی (30)مەتری (60)مەتری هەتا 100مەتریش زۆربەی زۆربەی زۆریان شەقامەکانیان کۆنن و ئاوەڕۆیان تێدا نییە.

بۆیە هەر شەقامێك ئاوەڕۆی تێدا نەبوو ئەوا ئاوەکە گۆدەبێتەوە. ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە بۆ تێکچوونی شەقامەکان ئومێدمان وایە تۆری ئاوەڕۆ دروست بکرێت لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاوونئاوەڕۆکان تاکو ئێمەش بە پێی توانا هەوڵەکانی خۆمان ئەنجام بدەین. ئێمە هەر لەسەرتاوە هەوڵمان داوە ئەو شوێنانەی کە تێکچوون یان تێك دەچێت بە پێی ئەو توانایەی کە هەمانە ئەویش یەك تیمی چاککەرەوەیە، لەم هەفتەیەدا هەوڵێکی باشماندا تاکو کردومان بە چوار تیم. دوو تیمیان بۆ چاککردن و دووتیمیش ئامادەکراوان، بۆ ئەوەی بتوانین بە زووترین کات ئەو چاڵانە چاك بکەینەوە کە لە نار شەقامەکاندا هەیە ئەم چاککردنەوەیەوش کاتییە، چونکە شەقامەکانی ئاوەڕۆییان نییە و کۆنن بۆیە دەبێت ئەم شەقامانە بە چێلبایندەر و چیێك ئەسفەلت داپۆشین. ئومێدیشمان وایە کە وەزارەت هەوڵبدات لە داهاتی بڕیاری 986دا گرنگی زۆرتر بە شەقامەکانی بدات.

- پڕوپاگەندەی ئەوە هەیە کە بەشێك لە زەوی ڕۆژنامەنووسان، کە کەرتی (255)م بەر شەقامی تازەی (11)ی ئەیلول دەکەوێت؟

+ ئەوەندەی ئێمە لێی ئاگادارین چەند هۆکارێکی تەکنیکی هەبوو سەبارەت بە کەرتی (255)ی ڕۆژنامەنووسان کە (5)م چەف هەبوو، ئەویش توانیمان چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

بۆیە هیچ نوسراوێکی ڕەسمیمان بۆ نەهاتووە بەڵام ڕۆژنامەنووسان یان هەر هاوڵاتییەك زەوی بکەوێتە بەر شەقام هەقی بە فیرۆ نادرێت.

- ژمارەی ئوتۆمبیل بەردەوام لە زیادبوونداید ایە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم زیادبوونە، شارەوانی چ پلانێکی هەیە؟

+ شاری هەولێر زۆر فراوان و گەورە بووەو ژمارەی ئوتومبیێل زۆر زیادی کردووەو شەقامەکانیش کۆنن. بۆیە ئەو ڕۆژەی ئێمە دەست بەکاربووین هەندێ پرۆژە هەیە کە لە چوارچێوەی نەخشەسازی سەرەکی شارەوانی هەولێرە، ئاراستەی لایەنی بەرپرسمان کردووە بۆ ئەوەی ئەم پرۆژانە بۆ ئەم گەڕەکانە جێبەجێ بکرێت بۆیە پێمان وایە گەر ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکرێت، گەر 100٪یش چارەسەری ئەم کێشەیە نەکەن ئەوا 60٪ی چارەسەری دەکات.

بۆ نموونە ئەو نەخشەسازییەی کە پێی دەڵێن پیتی (U) لە گەڕەکی عارەبانی کۆن کە شەقامێك و پێنج پارکە هەروەها لە گەڕەکی تەعجیل و سەعدوناوە یەك دوو شەقامان هەیە. هەروەها شەقامێك هەیە لەلای حەمامی عەلی ئاغای کۆن تاکو دەگاتەوە پێش میوانخانەی فەرید کە بریارە فراوان بکرێت و بکرێت بە (25)م ئەمە خۆی لە خۆیدا قەڕەبالخی کەم دەکاتەوە. بەڵام کێشەیەکی ترمان هەیە ئەوەیە کە شۆستەکانمان زۆر بەرین و فراوانن و دەکرێت باریکتر بکرێت بۆ ئەوەی ڕوبەری قیرەکە زیاد بکرێت چەندین پرۆژەی تر کە پێمان وایە چارەسەرێکی جدی کێشەکانمان بە دەکات بۆ ئەوەی شەقامەکانمان بە شەقام بچێت.

- لە پیشەسازی باکوردا سێ کۆڵانی یەکەم دووکانەکانی ئاگادار کراونەتەوە کە تێك دەدرێن لەگەڵ ئەوەی زەویەکی فراوانی لە پیشدا هەیە، دەکرێ بزانین هۆکاری تێکدانی ئەم دووکانانە چین؟

+ سەبارەت بە ناوچەی پیشەسازی باکور ئێمەش تەنها گوێمان لێ بووە بەڵام ئێمە چەند مانگێك بەر لە ئێستا پێشنیارێکمان کرد کە شەقامێك لە هێڵی 100 مەتریەوە بۆ پێشەوەی ناوچەی پیشەسازی بچێت بۆ ئەوەی قەرەبالغی لە شەقامی سەرەکی کە بۆ شەقلاوە دەچێت کەم بێتەوە، کە ئەویش تێچوەکەی بڕی (000 ٪ 750 ٪ 1) هەزار دینارەو بە خۆشحاڵییەوە لەم ڕۆژانەدا هەواڵی ئەوەمان وەرگرتووە کە بڕیار لەسەر دروستکردنی ئەو شەقامە بدرێت. بۆیە ئەو قسانەی باس دەکرێت ئێمەش وەك ئێوە تەنها گوێمان لێ بووە هەر وەکو دەگوترێت کە دووکانەکان تەملیك دەکرێت بەڵام سەبارەت بە تێکدانی ریزێك یان دوو ریز ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە بەڵکو تایبەتە بە وەزارەت، بۆیە هیچ شتێکی ڕەسمی لە لای ئێمە نییە.

- گومرگی سەوزەو میوەی سەر ڕێگای موسڵ تا ئێستا بەدەست چەندین گرفت دەناڵێنن بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا؟

+ بەڵێ سەبارەت بە عەلوەی هەولێر ڕۆژانە تیمی خزمەتگوزاریمان بۆ هەڵگرتنەوەی پاشماوەکان دەچێتە ئەوێ، بەڵام سەبارەت بە کێشەی ڕاوەستانی ئاوو دروستبوونی قوڕو چڵپاو کشوفاتێکمان پێشکەش کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش، بەڵام تا ئێستا وەڵامان لەم بارەیەوە نەدراوەتەوە.

ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینن شەقامێکی قەندەهارو کابوڵ نییە، بەڵکو ڕێگار شەقامی سەرەکی نێوان کۆیەو هەولێرە ئەو ڕێگایە سەرەکی و ستراتیژییە سەرەڕای ئەوەی دوو پارێزگای هەرێم، واتا سلێمانی و هەولێر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، خاڵی سەرەکی و سەرەڕێی جموجۆڵێکی گەرم و گوڕی بازرگانی و گواستنەوی نێوان دوو حکومەتیشە. واتا هەردوو حکومەتی هەرێم، دیارە ئەو قۆرت و چاڵە گەورانە بوونەتە مایەی تێك و پێکدانی چەندین ئۆتۆمبێل، هەروەها مرۆڤ کە ئەم شەقامو ڕێگایە سەرەکییە بەم شێوەیە دەبینێت نیگەرانی و سەر سوڕمانێکی زۆر دایدەگرێت چونکە جگە لەوەی ڕۆژانە سەدان ئۆتۆمبێلی جۆراو جۆر بەم شوێنەدا دەڕوات لە هەمانکاتدا هیچ ڕۆژێکیش نییە کاروان و قەتارەی ئۆتۆمبێلی بەرپرسە حزبی و حکومییەکانی هەردوو حکومەت پێبدا تێنەپەڕن، ئەوە جگە لەوەی کەوا پێنج شەوانی هەمور هەفتەیەك لیژنی باڵای پرۆسەی ئاشتی نێوان هەردوو حزب هەر لە وێوە گوزەر دەکەن. کەچی هیچ بەرپرسێك و لیژنەیەکی حزبی و حکومی ئەم دیمەنە ناخاتە بەردەم شارەوانی کۆیە، شارەوانیش تاکو ئێستا خەمێکی نەهێشتنی ئەم کەندو کۆسپانە و پڕکردنەوەی ئەم تاسانەی نەخواردووە، بۆیە بە ڕاستی کاتی ئەوە هاتووە شارەوانی کۆیە ئەم ئەرکە خزمەتگوزارییەی خۆی جێبەجێ بکات چونکە بڕواتان بێت بە پێ ڕۆیشتن تەنها بیست دەقیقەی لەم شارەوانییەوە دوورە.

داواکارییەك بۆ بەردەم شارەوانی کۆیە

پ: سۆران فاروق

ئاوارەکانی کەرکوك لە ڕانیەو کێشەی کەم ئاوی

هەمزە سەرحان– ڕانیە

بۆ ماوەی (3) مانگ دەچێت ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی کەرکوك و چەند مانگی تری دانیشتووی ناو ئاوارەکان. بەدەست کێشەی کەم ئاربیەوە دەناڵێنن، ئەویش بەهۆی تێکچوونی ماتۆڕی بیری ئیرتیوازی ناو ئاوارەکان.

دیارە لەو ماوەیەشدا خەڵکی خەمۆری ناو ئاوارەکان چەندین جار سەردانی کەسانی بەرپرسیاریان کردووە بۆ بەدەنگەوە هاتنیان بەڵام بێ سوود بووە. هەروەها ڕۆژانە ئەو خەڵکە هەژارو کەم دەرامەتە بە تەنکی ئاو دەکڕن هەندێ مانگیش هەیە توانایان نییە بە دوو ڕۆژ جارێك 20 دینار بدەن بە ئاو، بۆیە بە ناچاری بە تەنەکە لە شوێنە دوورو نزیکەکانی خۆیان ئاو دەکێشن.

هەر بۆیە داواکارین لە بەڕێز فەرمانگەی ئاوی ڕانیەو شارەوانی ڕانیە بە هانای ئەو خەڵکەوە بچنو ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن.

پارکی هەولێرو زەوی مامۆستایان
هانایەك بۆ یەکێتی مامۆستایان

عومەر حاجی

وەك لای هەمووان ڕوونو ئاشکرایە مامۆستا هەردەم پێشەنگی کاروانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی بووە چ لە ناو ریزەکانی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی یان لەناو کۆمەڵگاو قوتابخانەکاندا.

وەك هەر هاوڵاتییەکیش ئەرك و مافی خۆی هەیە لە بەرامبەر دەوڵەت و حکومەت ئەرکی حکومەتیش ئەوەیە مافەکانیان ڕەچاو بکات و بژیان دابین بکات.

وەك دەزانن بەشێکی زۆری مامۆستایان لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشی بەعسدا بێبەش کران لە وەرگرتنی زەوی.

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینو دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم بە هەوڵو کۆششی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان نزیکەی (2000) پارچە زەوی بە سەر مامۆستایان دابەشکرا، ئەویش لەسەربازگەی کۆنی ڕژێم پشت پارکی ئێستای هەولێر، مامۆستایانیش هەر زوو بە زوو زەوییەکانیان تاپۆکرد و هەمووبیان ئێستاکە خاوەنی (سند المؤقت)ن. لەوانەشە ژمارەیەکی زۆر لەم پارچە زەوییانە چەند جارێك کڕین و فرۆشتنیان لە سەر کرا بێت. کەچی پاش ئەم هەموو چاوەڕوانیە و ماندووبوونو خزمەتکردنە لە بواری پەروەردە و فێرکردن ئێستا مۆزەمقۆی ئەوە هەیەو پرۆژەیەکیش لە بارەی ڕەتکردنەوەی ئەو زەوییانەو فراوانکردنی پارکی هەولێر لە ئارادایە کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە. هەر ماوە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی لە سەر بدرێت. ئەگەر بێت و ئەمە ڕاست بێو بکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە ئەوا خەونو خەیاڵو ئومێدی 2000 خێزان سەرنگۆمو زیندەبەچاڵ دەکرێت و ئەو تروسکە هیوایەی بەم زەوییانە هەیانبوو موم ئاسا دەکوژێتەوە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەهانا بۆ یەکێتی مامۆستایان ببەمو پێیتان بڵێم چۆن هەوڵتاندا زەوی بۆ مامۆستایان دابین بکەن ئەوەهاش هەوڵمان بۆ بدەن لە زەوییەکانمان بێبەش نەبین، چونکە ئێوە نوێنەرایەتی مامۆستایان دەکەن.

گوندی کوڵکنیش لە کارەساتی هەڵەبجەدا بێبەش نەبوو

هادی کوڵکنی

3/16 هەوڵی ڕژێمی درندەی بەغدا بوو بۆ لەناوبردنی خەڵکی تێکۆشەرو کورد پەروەری شاری هەڵەبجەی شەهیدو دەرووبەری.

16/ 3/ 1988 بە تەنها خودی شاری هەڵەبجە شەهید نەکرا بەڵکو گوندەکانی سنووری ئەم شارە قارەمانەشی گرتەوە. گوندی کوڵکنی کە گوندێکی خنجیلانەی سەر بە ناحیەی خورمالو قەزای هەڵەبجەی شەهیدە لە ساڵی 1987 لە پێش وێرانکردنی لە لایەن ئەم ڕژێمە درندەیەوە ژمارەی ماڵەکانی دەگەیشتە (22) ماڵ. دوای وێرانکردنی گوندی کوڵکنی دانیشتوانی ئەم گوندە زۆرینەیان لە شاری هەڵەبجەی شەهیدا نیشتەجێ بوون. لە ڕۆژانی کارەساتی 16/ 3دا جووتیارە دەست قەڵێشاوەکانی گوندی کوڵکنی چەندین کەسیان لێ شەهیدکرا کە ژمارەیان (22) کەس دەبوو کە زۆرینەیان لە سێ خێزان پێك هاتبوون بەڵام لەم یادە پیرۆزەو لە یادی (5) هەزار شەهیدو ئەو مندااڵە ون بوانەدا دەڵێم جێگای داخە کە تاکو ئێستا هیچ نوێنەرێکی حکومەتی هەرێم و هیچ ڕێکخراوێکی خێرخواز و هیچ کەسێکی دڵسۆزو مرۆڤدۆست سەردانی کەسوکاری سەربڵندی ئەم شەهیدانەی نەکردوەو وەك پێویست ئاوڕ لەم گوندە تێکۆشەرو دڵسۆزە نەدراوەتەوە.

داواکارییەك بۆ بەردەم سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی کارەبا لە هەولێر

باوکی شەمااڵ: گەڕەکی ڕزگاری

وەك ئاشکرایە کە ئەرکی دامودەزگای هەر حکومەتێك پێشکەش کردنی کارەخزمەتگوزارییەکانە بە هاوڵاتیان، شاری هەولێر پاش ڕاپەڕین فراوانییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان ئەمەش بۆتە هۆی دروستکردنی چەندەها گەڕەکی نوێ، بێگومان ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەرکی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان قورستر زۆرتر بووەو پێویستی بە کۆمەڵێك پێداویستی زیاتر دەبێ لە سەرجەم ڕووەوە بە تاسانی دابین ناکرێ بەڵام لەگەڵ سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی کە هەن لەبەردەم پەرەدان و دابینکردنی پێداویستییەکان خۆش بەختانە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە پایتەخت چەندەها پڕۆژەی خزمەتگوزای پێشکەش بە هاوڵاتیان کردو هەندێکی جێبەجێ کراوەو ئەوانی تر خەریکی جێبەجێ کردنن، بەڵام لەگەڵ ئەو کارە خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش کراون تاکو ئێستا کۆمەڵێك گەڕەك هەن لەناو شاری هەولێر بێبەشن لە کارە خزمەتگوزارییەکان دانیشتوانی گەڕەکی ڕزگاری کە کەوتوینەتە نێوان شەقامی پەیمانگای کۆنو شەقامی گەڕەکی نیشتمان تاکو ئێستا بێبەشین لە سەرجەم کارە خزمەتگوزارییەکان تەنها پرۆژەی ئاو نەبێ کە بە ڕێزو سوپاسەوە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکان لە ساڵی ڕابردوو بیرو ئاوو تۆڕی دابەشکردنی ئاوی بۆ گەڕەکەکەمان دابین کرد.

بەڵام سەبارەت بە کۆڵانەکانمان تاکو ئێستا لەبەر قوڕو لیتاوی ئەم زستانە زۆر بە زەحمەتی هاتووچۆ دەکەین.

بۆیە داواکارین لە بەڕێز شارەوانی هەولێرو سەرۆکی شارەوانی کە چارێك بەم گەڕەکە بخشێنو هەوڵ بدەن ڕزگارمان بکەن لەم وەزعە. بەڵام سەبارەت بە کارەبا لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو لە کەنااڵکانی ڕاگەیاندن بڵاو کرایەوە کە بڕە کارەبای شاری هەولێر زیاد کراوە لە سەرچاوەی دوکان بۆیە داواکارین لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر کە گەڕەکی ئێمەش بێبەش نەکەن لەو بڕە کارەبایەو پێش وەرزی هاوین بە تایبەتی تاکو ئێستا لە گەڕەکەکەمان تۆڕی دابەشکردنی کارەبا نییە بەڵام ئەمەش پاساو نییە بۆ فەرامۆش کردنی ئەم گەڕەکەو دەکرێ بەڕێوەبەرایەتی کارەبا بە ڕێگایەکی هونەری کە خۆیان شارەزاو پسپۆڕن لە ئەنجامدانی کارەکانیان چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیەش بکەن و چارەڕوانی هەولەکانیانین.